ئەو یەکگرتنە ، نزیك بونەوەمان لە یەکتر ، هاریکاریمان لە گەڵ یەکترا ، پێم وابێ دەکەوێتە پێش شتێکی دیکەوە . یەعنی بەشێکی ئەو دەرفەتە ڕەخساوە ، بەڵام بەشەکەی تری کەوتۆتە سەر ئەوەی کە خۆمان چی ئەکەین و خۆمان ئەتوانین چی پێش کەش کەین لەو مەیدانەدا . هەڵبەتە مەسەلەی منال، منالی کورد بەتایبەتی مەسەلەی منالی ئاوارەی کورد ، ئێستا لە ئەورۆپا دا پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی تایبەتی هەیە لێ ی . ئەو ئاوڕ دانەوەیە کە پێویستە لە ڕێی زمان لە یاد نەکردنی زمانی نەتەوایەتیمان وبەردەوام خۆش کردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ناو دڵی ئەوان دابێ ، ئەبێ لە ڕێگەی نوسینەوە ، لە ڕێگەی چیرۆکەوە ، لە ڕێگەی شێعرەوە کە بۆ منالان بێ ، پێویستە بایەخی زۆر بەم کارە بدەین و پێویستە وەختی خۆمانی زۆرتر بۆ تەرخان بکەین بە تایبەتی بۆ ئەو نەوە تازەیەی کە ئێستا لە ئەورۆپا چاوی کردۆتەوە، واتە نەوەی تازەی کوردی دەربەدەر لە ئەورۆپا .

حەسەنی قازی :

ماموٚستا شێرکۆی بێکەس . دیارە پرسیارەکان زۆر درێژ بونەوە . پێم خۆش بۆ کە ئاخر پرسیارتان لەگەڵ بهێنمە گۆڕێ . ئەویش ئەوەیە داخوا ئێوە نەخشەی ئەوەتان هەیە شوێنەوارەکانی خۆتان بە زمانی سویدی و بە زمانی دیکەی ئورۆپایی تەرجومە بکەن و بڵاویان بکەنەوە ؟

شێرکۆی بێکەس :

لە دوای ئەوەی کە من لە کوردستانەوە هاتم بەرەو ئەورۆپا ، لە سوریا گەلێك لە بەرهەمەکان کران بە زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی وڵاتە عەرەبی یەکان دا بڵاو کرانەوە . لەوێ کۆمەڵێك چاوپێکەوتن یان لەگەڵا کردم . لە دوای سوریا لە لایەن کۆمەڵەی هاریکاری جیهانی یەوە لە شاری فلۆرانس بە تایبەتی دەعوەتی ئەوێ کرام بۆ ماوەی دە ڕۆژ و لەوێ کۆڕێکی گەورەم گرت لە شازدەی مانگی چواری ئەم ساڵا ( ١٦-٤- ٨٧) و بەشێك لە شێعرەکان کران بە ئیتالیایی و بڕیاریش وایە کە هەڵبژاردەیەك لە شێعرەکان لەم ساڵ دا تەواو بێ و بخرێتە دوو توێی بەرگێکەوە ، یەعنی کتێبێکەوە .

لە دوای هاتنیشم بۆ سوید ، دیارە هەر لە دوای هاتنم بە ماوەیەکی کەم ، لە پێشا لە گەڵ ئەو کوردانەی کە شارەزان لە زمانی سوێدی یا دەست کراوە بە تەرجومە کردنی شێعرەکان و ئێستا بەشێکی زۆری شێعرەکان لە لای ئەو یایە کە ناوی کالە یە

حەسەنی قازی :

ئەم یایە کچی ئوریانتالیستێکی زۆر بەناوبانگی سوێدی، نیبەری یە ، ئەو خانەی باسی دەکەی .

شێرکۆی بێکەس :

بەڵێ . ئەو ئێستا لە گەڵ شێعرەکان خەریکە و خۆشمان ئەی بینینەوانێ و لەعەمان کاتا بەشێك لە شێعرەکانم دەوری ٣٥، ٣٦ پارچە کراون بە فەرانسەیی و وەرامیان لێ گێڕاوەتەوە کە تەواو بۆتەوە ورێنگە لە سەر دانی داهاتوم دا بو ژێنێڤ ، لەوێ لە ١٩ی مانگی ١٢ کۆڕێکی گەورەم هەیە ، هەڵبژاردەیەك لەوانە بە فەرانسەیی بخوێندرێتەوە . هەر وەها پرۆژەی کردنی هەندێك لە شێعرەکان ، هەڵبژاردەیەك لەوان بە زمانی ئینگلیزیش بەدەستەوەیە . وەکو خۆشت ئاگاداری پرۆژەی کردنی ئەو هەڵبژاردانە بە فارسی و تورکی ش لە ئارا دایە .

حەسەنی قازی :

زۆر زۆر سپاست دەکەم ماموٚستا شێرکۆ

شێرکۆی بێکەس :

هەر بژی . منیش لە کۆتایی دا زۆر زۆر سپاستان دەکەم . زۆری پێخۆشحاڵ بوم بەم بینینە کە لە ئاوارەیی و دور لە کوردستانا یەکترمان گرتەوانێ ، یەکترمان بینییەوە و هەر وەها سپاسیش بۆ ئەم دەزگایەی کە ئەم چاو پێکەوتنەی بۆ ڕەخساندین .

---

دەنگی جەپڵەی بەشداران

xxxxxxxxxxx

---

نیە، بەڵکو باشیشە، بەڵام بەداخەوە هەلی بۆ نەلواوە.
بەبڕوای من دوارۆژێکی رووناکی هەیە و لە توانایدایە بێتە ریزی ئەدەبی جیهانی.

پ/ کام نووسەری کورد جێگای رەزامەندی و تەقدیرتانە؟

وەڵام: لەهی سەردەم هەژاری موکریانی و گۆران .

پ/ راتان چیە لەسەر رێکەوتنی ١١ی ئادار؟

وەڵام: لەتوانامدا نیە هەست وخۆشیی خۆمتان بۆ باس بکەم، کە دەنگوباسی ئەو رێکەوتنەم بیست کە لە نێوان حکومەتی عێراق و گەلی کورد مۆرکرا. چونکە میللەتی کورد سەدەها ساڵە تێ دەکۆشێ لە پێناوی مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دەها ساڵیشە لە عێراقدا خەباتی بێ وچانی کردووە لە پێناوی ئەم مافەدا بەسەرکردایەتی رۆڵەی کورد و رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی «مستەفا بارزانی». بێ گومان دان نان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆز بوو، هەموو کوردێکی پێشکەوتنخواز پشتگیری لەم هەنگاوە دەکات و هەوڵی چەسپاندنی دەدات.
تاماوم یادی ئەو رۆژەم لەبیر دەرناچێ.

پ/ئایە ئاواتەخوازن سەر لە کوردستان بدەن؟

وەڵام: بێ گومان ئەگەر بانگ بکرێم بە دڵخۆشیەیە سەر لە کوردستان دەدەم و چاوم گەش دەکەم بە دیتنی دیمەنی سروشتی کوردستان و ژیانی کورد لە سایەی رێکەوتنی ١١ی ئادار، بێ گومان لەوانەیە ئاواتەکەم بێتە دی دوای ئەوەی وەردەگیرێم لەکۆڕی زانیاری کورددا.

(پاشان مامۆستا عەرەبی شەمۆ و چەندەها زانا و نووسەری تری کوردی سۆڤیەت لە کۆڕی زانیاری کورد لە عێراق وەرگیران).

ئەم چاوپێکەوتنە پێنج سەعاتی خایاند.

www.arsivakurd.org

لە ساڵی ۱۹۲۷ تووشی ئازار و زیندان کرا وەک زۆربەی بۆلشەویکە کۆنەکان لە کاتی دەسەڵاتی ستالیندا.
عەرەبی شەمۆ تاکۆتایی ساڵی ۱۹۵۷بەزیندان و دوورخستنەوە ژیانی بەسەربردووە. لەساڵی ۱۹۵۷ ئازادکراوە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەرمینیاو لە لایەن دەوڵەتەوە چەند خەڵات و پاداشتی وەرگرتووە و بەبۆنەی یۆبیلی ۷۵ ساڵەی میدالیای شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری پێ بەخشراوە و لەگەڵ میدالیای بایەخ و ڕێزگرتن بەبۆنەی پەنجاساڵەی دامەزراندنی کۆماری ئەرمینیای سۆڤێتی. ئەم چاوپێکەوتنەم لە ماڵی مامۆستا کەریمی ئەیوبی و بەشداربوونی دوو برای کوردی سووریاش لەم دانیشتنەدا. ... دوای ئەوەی نووسەر بەفراوانی و تێکڕایی لەسەرژیانی خۆی دووا، ئەم چەند پرسیارەم لێ کرد :

پ/ ئایە بیرت لەوە دەکردەوە ببیە ئەدیب؟

وەڵام: بەڵێ، لەو کاتەی دەستم بەخوێندنەوەی ئەدەب کرد، لە تەمەنی ۱۵ـ۱٦ ساڵی‌دا بووم، ئەدەبی کلاسیکی ڕووسیم زۆر پێ خۆش بوو، کە لە قوتابخانە دەخوێنرا. لەو کاتەوە دەستم کرد بەخوێندنەوەی ئەدەبی ڕووسی، ئەدەبی کلاسیکی ڕووسیم زۆر پێ خۆش بوو، بەتایبەتی پۆشکین ... هتد




پ/ یەکەم بەرهەمی چاپکراوت یاخوود یەکەم نوسینت چ بوو؟

وەڵام: مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە زمانی کوردی لە ساڵی ۱۹۳۰ (وا دیارە نووسەر ئەو وتارانەی لە ساڵی ۱۹۲٤ـ ۱۹۲۵ لەیادچووبووەوە ومنیش ئەوکات زانیاریم لەباریانەوە نەبوو)، بڵاوکردۆتەوە هەروەها لەسەر ژیانی «لینین» بە شێوەیەکی ئەدەبی نووسیومە و لە هەمان کاتیشدا پەرتووکێکم لەسەر کاری کەڵخۆز لە گوندی «یارە»دا بڵاوکردۆتەوە.... هتد.

پ/ بە چ زمانێک بەرهەمەکانت دەنووسی؟

وەڵام: لە کاتی چاو پێکەوتنم لەگەڵ پرۆفیسۆر «ئەکادیمی» ئۆربیلی، پێی وتم: عەرەبی شەمۆ هەردەم بە کوردی بنووسە، بۆیەش تا ئێستا هەر بە کوردی دەنوسم، دوایی خۆم یاهەندێ کوردی تر وەری‌دەگێڕنەوە سەر زمانێکی تر.

پ/ چەند بەرهەمت تا ئێستا نووسیوە و چەندیان چاپکراون؟

وەڵام: ئەوانەی تائێستا چاپکراون ۱۷چیرۆک ورۆمان، لەگەڵ شانۆگەری‌یەک. ئێستا نووسینێکی ترم تەواو کردووە لە ژێر ناوی «بڵێسەی شۆڕشی ئۆکتوبەر» تا ئێستا چاپ نەکراوە، هەروەها خەریکی نووسینی مێژووی شەڕی کورد و تورکـم، لە ژیانمدا هیچ شیعرم نەنووسیوە.

پ/ کام لە نووسینەکانت لا شیرینە یاخود بەدڵتە؟

وەڵام: ۱) ڕۆمانی ڕێگای بەختەوەری.
۲) قەڵای دمدم.
بێ گومان ـ شوانی کورد ـ یش چونکە قارەمانەکەی خۆمم، بۆیە ناتوانم هیچ لەسەری بدوێم.
قارەمانی چیرۆک و ڕۆمانەکانم هەموویان لە واقیع (ریاڵ) وەرگرتوون، چونکە من نووسەرێکی ریالیستیم، بۆیەش قارەمانی چیرۆکەکانم لە واقیع هاتوون نەک لە خەیاڵ.
ئامۆژگاریتان دەکەم ئەدەب بخوێننەوە، بەتایبەتی هی کوردی.

پ/ لە ڕۆمانی «ڕێگای بەختەوەری»دا باسی چی دەکەی؟

وەڵام: لەسەر تێکۆشانی گەلی کورد بەر لە دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤیەتی و ئەو دەرفەتە فراوانەی بۆی ڕەخساوە دوای دامەزراندنی ئەو دەسەڵاتە بۆ پێشخستنی کولتوور و ئەدەبی کوردی ... هەروەها دەبێژێ:
ئەوکاتەی نوسەری‌گەورەی ڕووسی مەکسیم گۆرکی‌دەسنووسی وەرگێڕاوی یەکەم کتێبی منی‌خوێندەوە، وتی: سوولتانەکانی عوسمانی و قەیسەرەکان کوردیان دەچەوساندەوە، بەڵام ئێستا گەلی کورد بە زمانی ڕۆڵەی بەهرەدای وەک عەرەبی شامۆ هاتووەتە قسەکردن ـ واتە عەرەبی شەمۆ بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان وساکار وبەزمانی نەتەوەکەی توانیویەتی‌ڕادەی پێشکەوتنی خەباتی کورد لەلاپەڕەی نووسینەکەیدا پێشکەش بکات، ئەوەش وای لەنووسەری بەرزی سۆڤیەتی «گۆرکی»، کردووە بایەخداری بکات، چونکە عەرەبی شەمۆ بە باشی و لێ هاتوویی ڕۆڵی دەسەڵاتی سۆڤیەتی نیشان داوە لە ژیانی کوردی سۆڤیەتدا. بێ گومان دەسەڵاتی کرێکار و جوتیاران مافی سەربەستی و ئازادی و پێشخستنی کولتوور و ئەدەب و زمانی نەتەوایەتیان بۆ هەموو گەلانی ڕووسیای قەیسەری زامن کرد.

پ/ چۆن تەماشای دوارۆژی ئەدەبی کوردی دەکەن؟

وەڵام: بێ گومان ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی گشتی خراپ

www.arsivakurdi.org

# ٩٠ سال بەسەر لە دایکبوونی نووسەر گەورەی کورد عەرەبێ شەمۆ



١٨٩٧ _ ١٩٨٧

لە ١٩٨٧/١/٢٢دا (٩٠) سالّ تێپەڕی بەسەر لەدایک بوونی نووسەری گەورەی کوردی سۆڤیێتی عەرەبی شەمۆ ـ شامیلۆڤ دا.لەسەرژیانی عەرەبی شەمۆ زۆرشت لە گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستانی عێراق و دەرەوەدا بلاّوکراوەتەوە، ئێمەش بەم بۆنەیەوە، ئەو چاوپێکەوتنە بلاّودەکەینەوە کە بەر لە ١٥ سالّ لەگەلّ مامۆستای خوالێخۆشبوو کراوە و بۆ یەکەم جارە ئەو گفتوگۆیە بلاّودەکرێتەوە.

جەمشید حەیدەری

«چاوپێکەوتنێک لەگەلّ عەرەبی شەمۆ»

لەئێوارەی ١٩٧٢/١/٢٤ لەشاری لینینگراد، لەمالّی دوکتۆر کەریمی ئەیووبی، کە یەکێکە لەو براکوردانەی ئێران ولەکاتی کۆماری دیموکراتەوە لە سۆڤیەت دەژی، ئەو وتووێژەمان لەگەلّ مامۆستا عەرەبی شەمۆ کردووە:
چەند رۆژێک لەمەوبەر بەڕێکەوت پێم زانی کە نووسەری بەناوبانگی کورد هەلگری «میدالیای شۆڕشی ئوکتۆبەری مەزن» و یەکێک لە مرۆڤە ناودارەکانی بواری رۆشنبیری لە ئەرمینیای سۆڤێتی عەرەبی شەمۆ دێتە لینینگراد.
عەرەبی شەمۆ، لە رێگای بەرهەمە ئەدەبیەکانیەوە کە بە زمانی کوردی و رووسی لە ئەرمینیای سۆڤیەت چاپکراون ناوبانگی لەنێو کوردی عێراقدا زۆرە. بۆ پێناسینی ئەو نووسەرەی کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد، لە پێناوی پێشخستن و پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی لە ولاّتی سۆڤیەتدا. بێ گومان شەقلّ و تەئسیری ئەدەبی ریالستی و دەولەمەندی رووسی و گەلانی سۆڤیەت شوێن پێیان لە نووسینەکانی عەرەبی شەمۆدا بەجێ هێشتووە. ئەودەم تەمەنی ٧٥ سالّ بوو (واتە لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا) و یەکێکە لە بەلشەویە کۆنەکان، کە لەسالّی ١٩١٦ هاتۆتە ریزی پارتی بۆلشەوی، واتە بەر لە شۆڕشی ئۆکتوبەری سۆسیالیستی مەزنەوە.
لەو چاوپێکەوتنە هەولّمداوە هەموو وشەیەک لەسەر ژیانی ئەدەبی و سیاسی ئەم نووسەرە تۆماربکەم، کە بێگومان بەسەرهاتی ژیانی زۆر بەجوانی لە لاپەڕەی چیرۆکی «شوانێ کورد»دا نووسراوەتەوە، واتە قارەمانی چیرۆکەکە نووسەر خۆیەتی. ئەم چیرۆکە لە سالّی ١٩٣١ بە کوردی چاپکراوە، بۆ یەکەم جاریش بە رووسی لە سالّی ١٩٢١ چاپکراوە....
ئەو چیرۆکە چەندجار چاپکراوەتەوە. ئەم سالّەش چاپێکی نوێی لێ بلاّوکراوەتەوە. لەم چاوپێکەوتنە کە دا نووسەر باسی ژیانی و چۆنیەتی هاتنی خۆی بۆ ریزی پارتی بۆلشەوی و گرتنی لەلایەن ژاندرمە و کوشتنی باوکی لەلایەن ئەندامانی پارتی قاشناقەوە دەکا، لەو کاتەی کە عەرەبی شەمۆ دەچێتە ریزی پاسدارانی سوور ـ لەشکری سوور ـ و چۆنیەتی چاو پێکەوتنی عەرەبی شەمۆ لەگەلّ رابەری دەولەتی سۆڤیەتی «ڤیلادمیر ئیلیچ لینین» لە رۆژانی کۆنفرانسی سێیەمی کۆمێنترین و هەروەها تێکۆشانی عەرەبی شەمۆ لەژێر سەرکردایەتی شۆڕشگێڕی لێ هاتووی رووسیا «سێرگێی میرۆنۆڤیچ کیرۆڤ» لە رۆژانی شەڕی ناوەخۆ ـ حەربی ئەهلی ـدا .
وەک ئاشکرایە وەدەگوێزرێ عەرەبی شەمۆ یەکێک بووەلەوانەی کە لەئەرمینیا لەسالاّنی ٩٢٨ـ١٩٢٩ یەکەم ئەلفوبای کوردییان داناوە، هەروەها بەهاوکاری ئەوەوە ژمارەیەک لەلاوانی کورد لە سالّی ١٩٢٨ رەوانە کراون بۆ لینینگراد بۆ خوێندن، وەک پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ سەرۆکی بەشی کوردی ئامۆژگاری رۆژهەلاّتناسی ئەکادیمیای سۆڤیەتی لە لینینگراد.

www.arsivakurdi.org

وەزیران خۆی کە هات بە تایبەتی خۆی خەڵاتەکەی پێشکەش کردم ــ زۆر جار وەزیری ڕۆشنبیری ئەم کارانە ئەکا ــ و وەکو تۆش باست کرد لە وتارەکەی خۆیا ئەو بێخۆشحاڵی یەی خۆی دەربڕی کە ئەمساڵ خەڵاتی نۆخۆلوسکی دراوە بە نوسەرێکی کورد .

حەسەنی قازی :

مامۆستا شێرکۆی بێکەس ، پێم خۆشبوو پرسیارتان لێ بکەم ، پێش ئەوەی کە تەشریفتان بێ بۆ سوێد ، لە سەر وەزعی زیانی ئەدەبی و فەرهەنگی سوید ئاگاداریتان تا چ ڕادەیەك بوو ؟

شێرکۆی بێکەس :

من دیارە لە ڕێگەی زمانی عەرەبی یەوە کە ئێستا کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەیە لەو ڕێگەیە زیادتر ئاشنایەتیم پەیدا کرد لە گەڵ ئەدەبی عالەمی و دەر بارەی ئەدەبی سوێدی ئەگەر چی بە شێوەیەکی فراوان ئەو ئاگاداریەم نەبوو وە ، بەڵام گەلێك لە بەرهەمەکانی ستریندبەریم بە زمانی عەرەبی خوێندوتەوە و وەختی خۆشی تەنانەت هەوڵمان دا کە یەکێك لە شانۆ گەری یەکانی لە سولەیمانی بهێنینە سەرشانۆ و بەرەو ڕوی منیان کردەوە بۆ ئەوەی کە وا تەرجومەی کەم بەڵام هێندێ زروفی بە سەر داهات کە نەمان توانی ئەو کارە بکەین . مەبەستم ئەوەیە کە ستریندبەری لە لای من ناسراوە ، چ وەك زیانی وچ وەك بەرهەمەکانی و ئیگراتر لەم لا و لەولاوەك وتار ، وەك سەر مقەستی زۆر باس هەندێك ئاگاداریم دەر بارەی ئەدەبی سوێدی هەیە ، بەڵام بەو شێوەیە نا کە خۆم لێی ڕازی بم .

حەسەنی قازی :

ئەمن ئەگەر هەڵە نەکەم لە جێگایەك دا خوێندومەتەوە کە ئێوە کاتی خۆی لە کوردستان دەستپێکەر و خولقێنەری مەکتەبێکی تازە بوون لە ئەدەب دا ، وابزانم " ڕوانگە" ڕاستە ؟

شێرکۆی بێکەس :

بەڵێ .

حەسەنی قازی :

چونکو باسی ئاگوست ستریندبەری تان کرد ، دیارە وەك دەزانن هێندێك لەو مەسەلانەی ئەو تەرحی دەکا ، لەوانەیە لە هێندێك ئەدەب دا کە لە ژێر تەئسیری فەرهەنگی ئیسلامی دابوون وەك ئەوەی کە بەزمانی ئوروپایی پێی دەڵێن تابوو بێ .

بێتان واهەیە کە تەرجومەی شوێنەوارەکانی ستریندبەری بە لەبەر چاو گرتنی ئاستی هۆشیاری فەرهەنگی گەلی کورد لە کاتی ئێستا دا ، دەتوانێ ئیحتیات و خۆپارێزیەکی کە لەم بابەتانەوە لەوانەیە لە ڕوحییەی خەڵك دا هەبێ لە بەین بەرێ ؟ مەبەستم ئەوەیە ئەم کارە یارمەتی دەکا بە دەوڵەمەند کردنی باری فەرهەنگی یان نا ؟

شێرکۆی بێکەس :

من پێم وایە کە لە مەسەلەی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە مەسەلەی هەڵ ــ بژاردن دەورێکی گەورە ئەبینێ ، واتە کەی وچۆن و لە چ وەختێکا ئێمە ئەو شتانە تەرجومە ئەکەین ، وەریان ئەگێڕینە سەر زمانی کوردی م من پێم وایە نوسراوەکانی ستریندبەری ، لە ئێستا دا ، بۆ ئێستای میللەتی کورد شتێ بێت زۆر لە پێش نەبێت ، نەك وەك مەسەلە ئەدەبی یەکەی ، وەك باری کۆمەڵایەتی یەکەی . بەڵام لە هەمان کاتا ، کردنەوەی هەمو پەنجەرە و دەرگایەك لە سەر ئەدەبی کوردی ، لە سەر زمانی کوردی ، لە سەر کولتوری ئێمە و خۆ بەستنەوەمان بە ئەوروپاوە ، بە ئەدەبی ئەوروپاوە ، بە قەدەر ئەوەندەی کە بتوانین شتە تایبەتی یەکانی خۆمان بپارێزین ، باشە . وەك کەسێك کە لە سەر دوو قاچ وەستا بێ یەعنی قاچێکی لە سەر کولتوری خۆی بێ ، فۆلکلۆری خۆی بێ و قاچەکەی کەشی لە سەر کولتوری عالەمی بێ . من پێم وایە هەمو ئەدەبێك و خۆی ڕۆشنبیری بریتی یە لە وەرگرتن و بەخشین . ئەبێ وەرگریت بۆ ئەوەی بشبەخشیت ، یەعنی مەسەلەکە شتێك نییە کە بە تەنها هەر بەخشین بێ و شتێکیش نییە کە هەر بە تەنها وەرگرتن بێ . لە بەر ئەوە ستریندبەری ش و غەیری ستریندبەری ش لە وەرگێڕان دا بێگومان زەمینەی بە پیت لە ناو ئەدەبی کوردی دا دروست دەکا ، ئەگەر چی مەسەلەی پاش و پێش خستنی ئەم شتانە ، پێوەندی زیادتر هەیە بەو ڕۆژگارەوە کە ئێستا ئێمەی تیا ئەژین .

حەسەنی قازی :

زۆر سپاس . نوختەیەکت باس کرد لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دا ئەمیش مەسەلەی لە سەر دوقاچ ڕاوەستانە ، واتە پاراستنی فەرهەنگی نەتەوایەتی و کەلك وەرگرتن لە فەرهەنگ و ئەدەبی عالەمی .

وەك ڕەنگە برادەرانی هاوبەش لەم کۆڕەش دا ئاگادارین ، بە تایبەتی ئەوانەی زانیارییان سەبارەت بە مەسەلەی زمان هەیە ــ دیارە ئەمن لێرەدا مەبەستم زیادتر مەسەلەی مندالانە ــ لێرە لە سوێد ئیهتیمامێکی زۆری پێدەدرێ . باسی ئەوە دەکرێ کە ئەو گروپە غەوارە و پەنابەرەی کە لە سوێد هەن و زمانی جیاجیایان هەیە ئەهەمییەتێکی زۆری هەیە کە ئەوانە لە هەمان کات دا کە لە کۆمەڵی سوێد ڕادێن وئاشنای دەبن و لەم کۆمەڵە دا دەژین واباشە بتوانن فەرهەنگی میللی خۆیان و زمانی خۆشیان بپارێزن . هەر لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێم کە بە موقایەسە لەگەڵ جێگاکانی دیکەی ئوروپا دا ، لە سوێد هێندێك ئیمکانات هەیە کە لە زۆر وڵاتی پێشوەچوی دیکەی ئوروپایی دا ئەو دەرفەتانە بۆ پەنابەران نییە . بۆ وێنە دەتوانم بەحسی ئەوە بکەم کە ئێستا لە سوێد لە سێ شوێن ، لە ستۆکهۆڵم ، لە مالموێ و لە یۆتە بۆری کە خۆشت تەشریفت چوتە ئەو دو شارانەی دوایش لەوێ مەدرەسەی بەرزی پەروەردە کردنی مامۆستایان هەیە کە لەو مەدرەسانە دا مامۆستا تەربییەت دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانن وەکو مامۆستای زمانی زگماکی یارمەتی منداڵی ئەو گروپە غەوارە و پەنابەرانە بدەن کە لێرە دەژین بۆ ئەوەی کە زمانی زگ ماکی خۆیان باش فێر بن لە هەمان کات دا کە بە سوێدی دەخوێنن و فێری ئەو زمانەش دەبن . چونکو زانایانی زمانەوانی و پەروەردە کردنی منداڵان بەو نەتیجەیە گەیشتون کە پاراستنی فەرهەنگ و زمانی خۆیی لە هەڵدانی ئاستی تێگەیشتن و زانیاری منداڵان دا زۆر یارمەتیدەرە .

ببورە لەوەی قسەکەم زۆر درێژ بوو وە ئەمن پێم وایە لە لایەکی دیکەشەوە ، ئەرکی گروپەجۆربەجۆرەکانی موهاجیر و پەنابەر لەم بارەیەوە زیاد دەکا واتە ئەوەی کە خۆیان دەبێ بێنە پێشەوە ، بۆ ئەوەی لەو ئیمکاناتەی بۆیان پێك هاتوە بە باشی کەلك وەرگرن .

لەم چوار چێوەیە دا ئەگەر پرسیارەکەم هێندێك کونکرێت تر لێ بکەم ، پێتان وایە ئەرکی ئێمەی کورد لەو ڕێبازە دا چییە ؟ بۆ کەلك وەرگرتن لەو ئیمکاناتەی کە لێرە هەمانە ، دیارە مەبەستم لەو کوردانەیە کە لە سوێد دەژین چ بکەین ؟

شێرکۆی بێکەس :

منیش پێم وایە لە حاڵەتی بەراورد کردنا ، وڵاتی سوێد لە گەڵ وڵاتەکانی تری ئەوروپا ، دەرفەتی لەبارتری لە بەر دەم کولتوری کوردیا ، کردوتەوانێ . هەڵبەتە کۆمەڵە کوردی یەکان خۆیان ، ئەم جۆرە دیدارانە ، ئەو کۆمەڵە کولتوری و ڕۆشنبیرییانەی کە هەن، تێگرا خۆی لە خۆی دا ، دەلیلێکی باشن بەڵگەیەکی چاکن بۆ ئەوەی کە فرسەت ڕەخساوە

بۆ لاپەڕە 15

www.arsivakurdi.org

کوردەکان لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵانە دا لە دەورەی یەك وەکۆ دەبن بۆ یەکتر ناسین و پاراستنی فەرهەنگ و تەقالید و داب و شوێنی کوردی و ناساندنیان بە سوێدی یەکان. ئێوە وەك کەسایەتییەکی فەرهەنگی ی کورد ئامۆژگاری تان چیبە بۆ ئەو جۆرە ڕێکخراوانە و بەتایبەتی بۆ کۆمەڵەی ئێمە لە سوندسڤال ؟

شێرکۆ بێکەس :

من پێم وایە کە بوونی ئەو کۆمەڵانە لە سوێدا کارێکی چاکە ئەگەر ئێمە بتوانین ڕێگەی باش بدۆزینەوانێ بۆ خزمەتی ئەدەب و کولتووری کوردی.

هەڵبەت یەکێك لە ئەرکەکانی ئەو کۆمەڵانە مەسەلەی گردکردنەوەی کوردەکانە لە دەرەوە و مەسەلەی زیادتر چڕکردنەوەی پێوەندییە لە بەینی یەکترا و لە بیر نەچوونەوەی مەسەلە گەورەکەیە، بە بڕوای من هەموو کۆمەڵەیەکی ئەوتۆ ، هەموو کۆمەڵەیەکی ئەدەبی ، پێویستە لە پێش هەموو شتێك دا مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەیەکی ڕەوا ، وەك مەسەلەی میللەتێکی ژێردەستە و پارچەپارچە بوو ، بە خەڵکی تر بناسێنێ وئەوە کاری ئەساسی ، کاری بنچینەیی بێ. لەگەڵ ئەوەشا لەلایەکی ترەوە هەوڵی پەرەپێدان و گەشەپێدانی مەسەلەی کولتوور و مەسەلەی هونەری بدا.

ئەم دیدارە لەگەڵ ئێوەش و لەگەڵ کۆمەڵەکانی تریش لە شوێنەکانی تر من بە شتێکی گەلێك چاکی ئەزانم و ئومێد ئەکەم بۆ داهاتوو بتوانن زیادتر گەشە بە چالاکییەکانی خۆتان بدەن بە ڕێگای ناساندنی ئەدەب و کولتووری کوردی و ناساندنی کەسانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری میللەتەکەمان بە میللەتانی تر. من پێم وایە ئەم کارە دروست کردنی پردە ، یانی ئەو کۆمەڵانە هەموو ئەبێ پرد دروست بکەن. چ پردی هونەری بێ ، چ پردی ڕۆشنبیری بێت لەگەڵ میللەتانی تر. ئێمە ئەرکمان ناساندنی میللەتەکەمان بە میللەتانی ترە لە هەرە مەیدانە فراوانەکانی ژیان دا . ئومێد ئەکەم ئێوەش بتوانن ئەم ئەرکە باشتر بە دی بێنن و بتوانن چاکتر دەنگی میللەتەکەمان ، هونەری ، شێعری ، کولتووری بگەیەننە میللەتانی تر و بتوانن بەردەوام ئەو جۆرە کۆڕانە بگرن بۆ کەسانی لێهاتووی میللەتەکەمان. ئومێد ئەکەم سەرکەوتوو بن لە کاروبارەکانتان دا. دەبوو لە پێشەوە سپاسی ئێوەم کردبایە هەر وەها سپاسی ئەم دام و دەزگایەش کە ئەم چاوپێکەوتنەی ساز کردووە .

حەسەنی قازی :

پرسیارێکی دیکەم هەبوو. ئەویش ئەوەیە کە ئەو کوردی پەنابەر و موهاجیری کە لە سوێد دەژین، ولە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هاتوون ، لەبەر زوڵم و زۆری تەواوی ئەو دەوڵەتانەی خاکی کوردستان یان داگیرکردووە ، لەوڵات ئیمکانی ئەوەیان نەبووە کە لەوبەر ئەم بەری سنووران پێوەندێکی تەواویان لەگەڵ یەکتر هەبێ ، لەبەر ئەوە و هەر وەها بە تایبەتی بەکار هێنانی دوو ئەلفوبێ ، کارێکی وای کردووە ئەو جۆرەی کە دەبێ هەموو کوردەکان نەتوانن لەو نووسراوە و چاپەمەنی کوردی کە هەن کەڵك وەرگرن. بە دیتنی ئێوە ، لە شوێنێکی وەکوو ئورووپا ـ بەتایبەتی سوێد ـ و بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ئەرکانەی کە ئێوە بۆ ڕێکخراوی وەك ئێمەی بە باش دەزانن ، بە چ شێوەیەك بیاو باشتر دەتوانێ لە پێناو بەرەو یەك بردنی زمانی ئەدەبی ، زمانی یەکگرتووی کوردی نێ ـ بکۆشێ؟ هەڵبەت دیارە زمانی کوردی لێرە دروست نابێ ، سەرچاوەکەی کوردستانە ، بەڵام پێم خۆش بوو بیرورای ئێوەش لەم بارەیەوە بزانم ؟

شێرکۆ بێکەس :

بێگومان مەسەلەی پارچە پارچە بوونی کوردستان خۆی سەبەبی گەورە و بنچینەی گەورەیە بۆ پارچەپارچە بوونی زمانەکەش. هەڵبەتە ئەمە واقعێکی تاڵە ، کەمەتدێن جار کوردی ناوچەیەکی کوردستان لە کوردی ناوچەیەکی تر بەتەواوی نەگا ، هەر چەندە لەم پازدە ساڵەی دوایی دا لە ڕێی زمانی ستانداردەوە ـ کەبە بڕوای من ئێستا زمانی کرمانجی خوارووە ، چونکوو زۆرترین ژمارەی ئەدیبانی کورد پێی ئەنووسن ، چونکە لەبەر ئەوەی خاوەنی زەخیرەیەکی دەوڵەمەندە ـ تا ڕادەیەك وەزعەکە گۆڕاوە ، لەگەڵ ئەوەشا من بڕوام وایە مەسەلەی یەکگرتنی زمانی کوردی زیادتر پەیوەندی بە مەسەلە سیاسییەکەوە هەیە، یەعنی بەبڕوای من هەر وەختێ میللەتی کورد ، خۆی ، ئازادی خۆی بەدەست هێنا و لە خاکی خۆیا سەربەست بوو و وەکوو میللەتانی تر خاوەنی کیانی خۆی بوو، خاوەنی دەوڵەتی خۆی بوو، پێم وایە هەر ئەو کاتەش ئەتوانێ سەرئەنجامی ئەو گیرو گرفتەی شێوە جیاجیاکانی ئێستای زمان چارەسەر بکا و پێشم وانییە ئەوە بەتەنها میللەتی کورد نییە ، وابووبێ. تەماشا بکەین زۆربەی زمانە زیندووەکانی ئێستای دنیا لە وەختی خۆیا زمانی ناوچەیەکی دیاری کراو یان زمانی سنوورداری ئەمارەتێکی مەعلووم بوون لە وەختی خۆیا. بە کورتی ئەمن ڕام وایە ئێستا ئێمە ئەتوانین بۆ موتوربە کردن ، بۆ گەشە پێدانی هەندێ ئیش بکەین بۆ نزیك کەوتنەوەی شێوەکان. بەڵام بڕانەوەی سەرئەنجامی زمانەکە خۆی، یەعنی یەکگرتنی زمانێك بە تەواوی ، پێم وایە ئەوە دەسەڵاتی سیاسی لە پاشەڕۆژا ئەو مەسەلەیە ئەبڕێنێتەوە .

حەسەنی قازی :

دیارە ئەو پرسەی کە ئێستا دەی هێنمە گۆڕێ ڕەنگە پێوەندێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کێشەی ئەدەبی بە تایبەتی نەبێ. بەڵام وەك ئێوەش پێشتر بەحستان کرد ، شێعریش لە ژیانی کورددا ، لە ڕاستی دا وەکوو چەك وایە لە دەستی ئێمە دا بۆ گەیشتن بە ئاواتمان .

وەك ڕەنگە ئێوەش ئاگادار بوون ، لە دوو ساڵی ڕابردوو دا لێرە بەشێوەیەکی ناعادڵانە کوردەکان بەگشتی کەوتبوونە بەر هێندێ تۆمەت لەو وڵاتە. لێرە دا ئەمن قسەیەکی سەرۆك وەزیرانی سوێد دەگێڕمەوە کە کاتی دانی خەڵاتی تۆخۆلوسکی بەئێوە هێنایە گۆڕێ : ئەو دەڵێ : " بەلەبەر چاوگرتنی ئەو ڕووداوانەی ساڵی ڕابردوو بە تایبەتی جێگای شادمانی و پێخۆشبوونە کە نووسەرێکی کورد ئەمساڵ خەڵاتی ساڵا تۆخۆلوسکی دەدرێتێ."

ئەمن وای بۆدەچم ئەو قسەیە خۆی زەمینەی تێهەڵێنانەوەی خراپ بۆچوونە لەسەر کوردەکان بە گشتی ، واتە ئەوە دەرووەیەکی ڕوونە ، ڕێگایەکی باشە ئێوە پێتان وانییە کە کوردەکان خۆیان بەگشتی بە هۆی هێنانە گۆڕی و نیشاندانی لایەنە پۆزیتیڤەکانی فەرهەنگی کوردی بتوانن خۆیان باشتر بە خانەخوێ سوێدی یەکان کە لایان میوانین بناسێنن ؟

شێرکۆ بێکەس :

بێگومان مەسەلەی بەخشینی خەڵاتی تۆخۆلوسکی بە من بۆ ساڵی ٨٧–٨٨ هەر وەکوو تۆ وتت خۆی لە خۆی دا کردنەوەی دەرگایەکە، یان سەرەتای کردنەوەی دەرگایەکە بۆ زیادتر نزیك بوونەوەی میللەتی کورد و مەسەلە عادیلەکەی بە شێوەیەکی تر. هەڵبەت هەر ، وەکوو لە وتارەکەی خۆشما لە ڕۆژی وەرگرتنی خەڵاتەکە دا وتم ، وەختێ خەڵاتەکەم وەرگرت دڵ و دەروونم کەوتە بەر دوو تەوژمی پێچەوانە لە یەك وەختدا ، یەکەم ئەوەی کە ئەو هەواڵەم بیست زۆرم پێخۆشبوو ، بەڵام لە هەمان کاتیشا پەستی یەك دایگرتم. ئەویش پەستی ئەوە بو کە ئەمن لە مەنفا ، دوور وڵاتی ، جێگام نەبوایە و لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دا بژیمایە و پێشم وایە هەر ئەو وەختەش گیانی تۆخۆلوسکی شاد ئەبوو و شاد ئەبێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان نووسەرێکی ئاوارە و نووسەرێکی دەربەدەر نەبێ لەم وڵاتە دا، واتا بۆ ئەوەی جائیزەیەك لە مەنفا وەربگرێ. من پێم وایە ئەو وەختەش تۆخۆلوسکی زیادتر گیانی شاد ئەبوو، دیسانەوە لە هەمان کاتیشا ، پێویستە سپاسی بەتایبەتی پێن کلووبی سوێد ، واتە یەکێتی نووسەرانی سوێد ملقی نووسەرانی جیهان لێرە بکەم و هەر وەها سپاسی سەرۆك

مامۆستا شێرکۆی بێکەس ڕۆژانـــی هەینی و شەمۆ ٣٠ و ٣١ی ئۆکتۆبەری ٨٧ میوانی کۆمەڵەی کورد لە شاری سوندسڤال بۆ . دوای نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی لە خانوی کۆمەڵەی نیونەتەوەیی سوندسڤال حەسەنـــی قازی ئەندامی کۆمەڵەی کورد لە سوندسڤال و ئەندامی کۆمیتەی گشتی فێدراسیۆنـــی کۆمەڵەکانی کوردستانی لە سوید بە ئامادە بونـــی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە وت و وێژێکی لە گەڵ کاک شێرکۆ کرد . ئەم وت و ویژە لە لایەن تلێڤیزیۆنـــی ناوچەیـــی سوندسڤال فیلمـــی لێهەڵگیرا . لەم ژمارەیەی " بەربانگ " دا بۆ ئاگاداری خوێنەرەوە خۆشەویستەکانمان مەتنی تەواوی ئەم وت و وێژە بڵاو دەکەینـــەوە .

حەسەنـــی قازی :

مامۆستا شێرکۆی بێکەس زۆر بە خێرهاتنت دەکەین بۆ شاری سوندسڤال . ئێمە پێمان وایە ئەوە دەرفەتێکی باشە کە کوردە پەنابەرەکانی ئەم ناوچەیە لە نزیکەوە لەگەڵتان ئاشنا بن ، ئەگەرچـــی ئێوە وەکو کەسایەتییەکـــی ئەدەبـــی و فەرهەنگی کورد بۆهەمـــوو کوردەکان ناسراون .

پێم خۆش بو پێشەکی پرسیارتان لـێ بکەم هۆی سەفەرەکانتان بۆ شارەکانی جۆربەجۆری سوید و دیدار لەگەڵ کوردەکان چییـــە؟

شێرکـــۆی بێکەس :

پێشـــەکی دوور لە کوردستانی خۆشەویست و لە کاتێکا کە ڕێم کەوتە هەندەران ، هەڵبەتە ئەم جۆرە دیدار و بەیەک گەیشتنەوانە لەگەڵ کوردە ئاوارەکانی دەرەوەی کوردستان وبـــە تایبەتی ئورووپا ، یەکێکە لەو هۆیانەی کە دڵم خۆش ئەکا و زیادتر هانم ئەدا بۆ ئەوەی کە بەردەوام بم لەسەر مەسەلەی نوسیـــن و بەتایبەتی شێعر . دیارە شێعریش خۆی لە خۆیا پردێکی گەورەیە بۆ بەستنـــەوەی هەموومان بە یەکەوەوە . دیارە ئەمن لە دوای ئەوەی کە لە کوردستان هاتوومەتە دەرەوانـــێ ، لە سوریاوە بۆ ئیتالیاو بۆ ئێرە ، چەندین کۆڕی شێعریم گرتـــوە و لـــە بنەڕەتیشـــا هاتنی من لە ناوچە ئازاد ـ کراوەکانی کوردستانەوە ، لە لای پێشمەرگە قارەمانەکانی خۆمانەوە بۆ دەرەوانێ ، یەکێکە لەو ئەرکانە ، واتە هاتنە دەرەوەم یەکێکـــە لەو ئەرکانەی کە لێرە دەنگی ئەوان ، دەنگی زوڵاڵی ئەوان ، هەڵوێستی گەورەی ئـــەوان وەك لە شێعرەکانما ڕەنگی داوەتەوە ، بتـــوانم بگەیەنمـــە دنیای دەرەوانێ و بتوانین ئـــەوە لە میللەتانی تر بگەیەنین کە ئێمە بە تەنهـــا هەر خاوەنـــی چەك و تەقە نین ، بەڵکـــوو ئێمە خاوەنـــی هونەریشین ، خاوەنی ئەدەبین ، خاوەنـــی کولتوورێکی گەورەین و ئومێد ئەکەم ئەگەر بتوانم یان توانیبێتم کە لەو زنجیرە کۆڕانـــەدا ، لەو زنجیرە چاوپێکەوتنە زۆرانە دا ، لە ئیتالیـــا و لێرە بەشێك لەوە بگەینمە میللەتانی تر و هەڵبەت هاتنە دەرەوەی من بۆ ئەورووپا هاتنە دەرەوەیەکـــی خۆیـــی نییە واتە بە تەنها پێوەندی بە خۆمەوە نییـــە ، بە قەدەر ئەوەی کە مەسەلەی شێعـــر مەسەلەشە ، لە مەسەلەی کورد ، لە مەسەلـــەی بزووتنـــەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد جیانابێتەوانێ و ئەمن بۆ ئەوە لە دەرەوەم کە بتوانم ئەرکێکـــی پێویستی سەرشانی خۆم ، ئەرکێکـــی قـــەڵـــەم هاو جووت لە گەڵ تفەنگی پێشمەرگە دا بـــە میللەتانـــی دەرەوە ڕابگەیەنـــم .

حەسەنـــی قازی :

مامۆستا شێرکۆی بێکەس ، لەو ناوچەیە کە ناوچەی مێدل پادی پێدەڵێن لە دووساڵ لەوە پێشەوە کۆمەڵەیەکی کوردی دامەزراوە کە ئەندامە لـــە فێدراسیونـــی کۆمەڵەکانی کوردستانێ لـــە ســـوید . کۆمەڵە کوردییەکان لە زوربەی ئـــەو شارانەی سوێدێ کە کوردیان لێ دەژین واتـــە ئەوەی کە لێرە پێی دەڵێن کۆمۆن دامەزراون .



www.arsivakurdi.org

جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکی ڕێکخراو و پڕ دیسپلین و دەزگا و یاسایە و بەبێ خۆڕێکخستن بەشێوەیەکی هاوچەرخ بزوتنەوەی کورد ناتوانێ کاربکاتە جیهان و مافی چارەنووسی خۆی وەکوو جەزائیر و ڤیێتنام بە دەست بهێنێت، و هەر لەبەر ئەوە وا پێویست ئەکات کە هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستان، بەبێ جیاوازی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بگرن و هەرکەسەی نوێنەری خۆی بنێرێتە ئەوجێگایەی کەبڕیاری لەسەرئەدەن، وبەرەیەکی نیشتمانی کوردستانی دابمەزرێنن کەنوێنەری ڕەسمیی نەتەوەی کورد بێت چ لەکوردستاندا وچ لەبەردەم نەتەوەیەکگرتوەکان و دەزگاکانی تری جیهانیدا، بۆ ئەوەی بزوتنەوەی کوردیش بێتە خاوەنی شەخسیەتی ڕامیاری خۆی لە کۆڕەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و لەلای ئەندامە دیموکرات و شارستانیەکانی ئەو دەزگا جیهانیە گەورەیەدا ـکورد چی دەوێت، کوردستان بۆ داوای سەربەخۆیی ئەکات، کورد چ کولتوورو زمان و شارستاـ نیەتێکی هەیە، کورد و کوردستان چ سوودێکیان ئەبێت بۆ جیهان ئەگەربێتو سەربەخۆبژین، ئەوزۆرداریەی کەبەدرێژایی سالانی دابەش کردن و ژێردەستی بەسەر کورد وکوردستان هاتوون چین و کامانەن، بەفلیم ودۆکۆمێنت و نەخشە وژمارە و فۆتۆگراف و بەلگە ئامادە بکرێن.

وەفدێک لەبەرەی نیشتمانی کوردستانی لەزانایان و زمانزان وپسپۆڕەکانی کورد هەلبژێردرێن و بگەڕێن بەسەر پەرلەمانی ولاتەکانی ئەورووپا و ئەمریکادا و بەو بەلگە کۆنکرێتانەی بە دەستیانەوەیە کاربکەنە سەر ئەو پەڕلەمانانە و لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە ڕای گشتی ئەو ولاتانەی ئەورووپا و ئەمریکا بە خۆیان و کێشەی کورد بناسێنن ـ ئەنجامی ئەم گەڕانە ـ بڕیاری ئەندامێتی بزوتنەوەی کورد ئەدات لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا.. واتە ئەگەر وەفدەکە توانیبێتی بەتەواوەتی کێشەی کورد بە کۆنکرێتی بخاتە بەردەم ئەو ولاتانە و دۆستایەتی بەلای خۆیدا ڕاکێشابن ئەوا ئەبێتە مایەی چوونە نەتەوە یەکگرتوەکان، چونکە دەنگی ئەو ئەندامانە بۆ کورد ئەبێت و لەکۆوونەوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا شتێک دەخەنە کایەوە بەناوی کێشەی کوردەوە، و داگیرکەرانی کوردستان ڕووبەڕووی کێشەکە ئەبنەوە و هەروەکوو کاتی خۆی چۆن فەرەنسا ڕووبەڕووی کێشەی جەزائیر کرایەوە، بەم جۆرە دیبلۆماسیەتی وەفدی کورد ئەتوانێت ببێتە هەوێن و هۆی چەسپاندنی کورد لە نەتەوە یەکگرتوەکان و لە جیهاندا، و ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر چاکترە کە نوێنەری کورد بتوانن بەو کارە هەستن، و توانای کوردیش لەو بارەیەوە هەیە و بە مەرجێک کۆبکرێتەوە، وهەرە بەتواناکانیان بخرێتە ئەو وەفدە ستراتیجیەوە، هەر وەکوو نوێنەرانی ڕەشەکانی ئەفریقای خواروو بەشێوەیەکی بێلایەن ـ نیۆترالْ ـ ئەتوانن کاربکەنە سەر هەموو ولاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و بەبێ جیاوازی، و بە مەرجێک ئەگەر دروشمیان تەنها ڕزگاری کوردستان بێت، و هیچی تر، و هەروەکوو نوێنەرانی کۆنگرەی نەتەوایەتی ئەفریقای خواروو داوای یارمەتی لە هەموو ولاتێکی جیهان بکەن کە باوەڕی بە مافی مرۆڤ و چارەنووسی گەلان هەیە ـ ئەمهکاری ستراتیجی نوێنەرە دیپلۆماسیەکانی بەرەی نیشتمانی کوردستانی یە کەلەگرتنی کۆنفرانسی یەکەمی نەتەوەی کوردەوە لەدایک ئەبێت، و ئەمە تەنها ڕێگای زانستی و شارستانی هاو چەرخە و ڕێگەی تر هەموو نائومێدی ئەنجامیانە! و لەبەرئەوەی ئەمچەرخە بەچەرخی شۆڕشی ڕاگەیاندن و ئاگاداری بەناوبانگە، دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ناوەندیش بۆ بەرەی نیشتمانی کوردستانی کارێکی زۆر ستراتیجی و گرنگە، و بەتایبەتی کە لەڕێگای ڕادیۆ و بەیان و چاپەمەنی هەمە جۆرەوە بتوانێت بە کرمانجی و سۆرانی هەست و هۆشی کورد بە مێژوو و کولتور و فۆلکلۆر و دەنگ و باسی کوردستان و جیهان تیژ و زرنگ بکات، و بەزمانی عەرەبی و تورکی و فارسی گەلانی دراوسێ لە کێشەی کوردستان نزیک بکاتەوە و بەوەندەی کە پێویست دەکات، بۆ ئەورووپا و ئەمریکاش بە ئینگلیزی و ڕووسی و فەرەنسی و ئەلمانی ڕاگەیاندنێکی لە بار و گونجاو هەبێت کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕای گشتی ئەم ولاتانە ئاگاداری باری کوردستان بین، و هەتا کاریان تێ دەکات، و ئەوانیش کار دەکەنە سەر سیاسەتی حکومەتەکانیان کە هەموو لە نەتەوە یەکگرتوەکان نوێنەری خۆیان هەیە و ئەتوانن کار لەسیاسەتی جیهانی بکەن ـ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەر زێڕە ڕەشەکەی و ئەفریقای خوارووش لەبەر زێڕە زەردەکەی هەردووکیان وان بە دەست ئەورووپا و ئەمریکاوە و هەموو گۆڕاتێکی لەو جۆرە پێویستی بەوە هەیە کە کاربکرێتە سەر ڕای گشتی و پەڕلەمانی ئەو ولاتانە، و بەم جۆرە هەر ئەوەندەی لە ڕاگەیاندنی ئەورووپا و ئەمریکادا کێشەی کورد جێگای ڕۆژانەی خۆی بگرێت ئیتر لەماوەیەکی کورتدا کاری خۆی دەکاتە سەر ئەو ولاتانە ...

کورد پێویستی بەم دوو جۆرە سەرکردە ستراتیجی و مەزنە هەیە و هەرکاتێک کە بووین بەخاوەنی ئەم دوومەرجە مێژوویی و هاوچەرخە، ئەوا ئەوکاتە ئەتوانین بە کۆنکرێتی چاوەڕوانی بەری خەبات وتێکۆشان وچالاکی ودیبلۆماسیەت و ڕاگەیاندنی خۆمان بین، وئەمە تەنها ڕێگایە کەئامانجی ستراتیجی لەدوایە وپێویستە وەکووکارێکی مێژوویی گرنگ ڕێکخرا وپارتیەکانی کوردستان بیری لێ بکەنەوە و لە ماوەیەکی کورتدا بڕیاری لەسەر بدەن و بیرلەوە بکەنەوە کە نەتەوە و نیشتمانەکەمان لە مەترسی لە ناوچوونی تەواودایە و ئەبێ هەموو بەهەرەوەزی و گیانی برایەتی و دیموکراتیەت و ئامانجی هاوبەشی و لەخۆ بووردنەوە بۆی بکەونە کار ...نەتەوەی بیست و پێنج ملیۆنی کوردستان چاوەڕوانی کۆنفرانسی یەکەمی خۆی دەکات!

ج. کوردۆ

www.arsivakurd.org

## بیرێک بۆ لێکۆڵینەوە

# گرتنی کۆنفرانسی یەکەمی نەتەوەی کورد پێویستیەکی مێژوویی و مەرجی سەرکەوتنە!!

### پێشەکی:

ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە بە هەموو جۆرێک هەوڵی ئەوە ئەدەن کە کورد و کێشەی کوردستان دەنگیان بە نەتەوە یەکگرتوەکان وپەرلەمانی وڵاتە دیموکراتیەکان نەگات، هەمیشە کارێکی وا دەکەن کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان یەکێتی ناو ریزەکانی خۆی نەبێت، چونکە ئەوە دەبێتە نوێنەرێکی رەسمی نەتەوەی کورد لەجیهاندا وئەتوانێ راستەوخۆ داوای ئازادی کوردستان سەرکردایەتی بکات و تەنانەت لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا، و بەو مەرجەی کە بەڕاستی نوێنەری هەموو پارچەوچین و رێکخراوەکانی کوردستان بێت، وماوەیەک بەکردار لەناو کوردستان ولەدەرەوەی کوردستان‌دا نەتەوەی کورد هەموو پێکەوە لەژێر سەکردایەتی‌دا کاربکەن.
نەبوونی بەرەیەکی نیشتمانی بۆهەموو گەلی کوردستان هۆیەکی گرنگی سەرکەوتنی شۆڕشەکانی کورد بووە و بەدرێژایی ئەم سەدەیە، و هەر لەبەرئەوەی کێشەی کورد روخسارێکی یاسای و رەوا وەربگرێت، و کێشێکی مێژوویی خۆی هەبێت لە رامیاری جیهانیدا دەبێت بەرەیەکی نیشتمانی هەمووهێزەکانی خۆی هەبێت، و ئەو بەرەیە تەنها نوێنەری کورد بێت و هەر وەکوو حکومەتیکی کاتی ی ـ ئەمە هەنگاوی سەرەکی یە کە داگیرکەرانی کوردستان زۆری لێ دەترسن و بە درێژایی شەست و چوار ساڵی رابوردوو توانیویانە سڕی بکەن و نەهێڵن کورد بیێتە خاوەنی، هەروەها هەنگاوی دووهەم ئەوەیە کە ئەو بەرەیە بیێتە خاوەنی راگەیاندنێکی ناوەندی خۆی و بەزمانی کوردی و زمانی جیهانی رۆژبەرۆژ رای گشتی جیهانی بەلای خۆیدا نزیک بخاتەوە.
لە ساڵی ١٩٢٢وە کوردستان بەدەستی بەریتانیا و فەرەنسا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەش و داگیرکراوە و بەبێ ویست و ئارەزووی نەتەوەی کورد خاکی نیشتمانەکەی بەسنووری دەست کرد لەیەک جیاکراوەتەوە، و هەر بەشەی خراوەتە سنووری یەکێک لەم وڵاتانە ـ تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا ـ و بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانەی رابوردوو نەتەوەی کورد تاڵترین چەوسانەوەی نەتەوایەتی بینیوە و لەوانە: کوشتنی بە کۆمەڵ، زیندان و ئەشکەنجە، بۆردومان و هێرشی سەربازی، راگواستن و دەربەدەرکردن، یاساغ کردنی کولتور و زمانی کوردی، دزینی بەروبووم و هێزی بەرهەم هێنان، جەنگی سایکۆلۆجی رۆژانەی دژبەبوونی‌کورد، وێران کردنی هەزاران گوند و لادێ، دزینی مێژووی شارستانیەتی کوردستان و بەرهەمە هونەری وئەرکیۆلۆجیەکانی، گۆڕینی ناوی شوێنەوارە کوردەکان بەناوی بێگانە، ئەمانە وگەلێک بەڵگەی کۆنکرێتی‌تر ئەوەمان پیشان ئەدەن کە نەتەوە و نیشتمانەکەمان لە سەدەی بیستەم‌دا خراوەتە ژێر پیلانی ستەمێکی یەکجار دژوارەوە کە ئیمپریالیزمی جیهانی نەخشەی بۆ کێشاوە و سەرپەرشتی ئەکات ـ بەرامبەر بە پیلانێکی وا دژوار و ئاشکرا بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان هەمیشە راپەڕیوە و خەباتی کردووە، و بەڵام تا ئێستا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە ...

هۆی چیە کەوا سەرکەوتن بەدەست نەهاتووە؟
لە خەباتی چەکداریی پێویستمان بەچی‌تر هەیە؟
هۆی سەرنەکەوتنی کورد ئەگەڕێتەوە بۆ:

(١)ـ نەبوونی بەرەیەکی نیشتمانی کوردستانی خاوەن دروشم و پرۆگرام و پەیڕەوی دیار و ئاشکرا کە بتوانێت لە ناوەوە سەرکردایەتی خەبات بکات و لە دەرەوەی کوردستان‌دا نوێنەری رەسمی کورد بێت.
(٢)ـ نەبوونی دەزگایەکی راگەیاندنی ناوەندی کە هەموو جەمسەرەکانی بزوتنەوەی کورد پێکەوە گۆش بکات، ودەوری رابەری ئایدۆلۆجی خۆی لەهەموو لایەکی کوردستان‌دا ببینێت و لە هەندەران بە زمانی بێگانە کێشەی کورد بە جیهان بناسێنێت.

لە ساڵی ٩٢٢وە کوردستان داگیر و دابەش کراوە، بەڵام هەتا ئەمڕۆ بزوتنەوەی‌رزگاریخوازی کورد نەیتوانیوەکۆنفرانسێکی گشتی نوێنەرانی نەتەوەی کورد ساز بکات و پرۆگرامێکی خەبات و بەرەیەکی نیشتمانی کوردستانی دابمەزرێنێت، و بەڵکو پەرەوازە هەریەکەی بەپێ‌ی کات وشوێنی خۆی خەباتی کردووە، و پاش ماوەیەک کەبەرگەی نەگرتووە دامرکاوەتەوە، و شۆڕشی کورد نەبووە هەتا ئێستا بەو جۆرە نەبووبێت، کە ئەوەش خوێن و فرمێسک و ئێسک و پروسکێکی زۆرکەوتووە لەسەر نەتەوەی کورد و بەبێ ئەنجام، وە لەو بارەیەشەوە نموونەمان زۆرە، و لە هەموو پارچەکانی خاکی کوردستاندا.

◄

www.arsivakurdi.org

# لە سەر رۆشنایی کۆبوونەوەی فیدراسیۆن

**فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانیەکان لە سویّد لە ١٩٨٧/١١/٢٢ بە بەشداری نوێنەرانی ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی و کەسانی روناکبیرو سیاسی بێ لایەن کۆبوونەوەیەکی ریّك خست •**

لە راپۆرتی سەرۆکی فیدراسیۆن و ئاخافتنی سەرۆکەکانی کۆنی فیدراسیۆن و بەرپرسیارەکانی گۆڤاری " **بەربانگ**" و هەندێ روناکبیرو کەسانی سیاسی دا پەنجە بۆ ئەوە راکێشرا کە فیدراسیۆن لە سەرەتای دامەزرانی یەوە تا ئێستا بە چەند قۆناخێك دا تێپەریوە •

سەرۆکی فیدراسیۆن لە راپۆرتەکەی خۆیدا پەنجەی بۆ ئەو کێشانە درێژ کرد کە تا ئێستا پێویستیان بە چارە سەر کردن هەیە وەك کێشەی ئافرەتان، زارۆك، لاوان، پەروەردە وخوێندن ، هەروەها دوورە• پەرێزی روناکبیرانی کوردی کرد لە چالاکی سیاسی و کۆمەلایەتی دا وەبیر خشتەوە، ئەوەشی راگەیاند کە فیدراسیۆن بۆ خزمەتی کوردی دانیشتووی سوێد هاتۆتە کایەوە وریکخراوێکی دیموکراتی فرەوانە و کراوەیە بۆ هەموو کوردیکی نیشتمانپەروەر بێ جیاوازی بیروباوەر و لە خزمەتی جوولانەوەی رزگاری خوازی کورد دایە • واتە فیدراسیۆن **دژایەتی هیچ ریکخراویکی سیاسی کوردستانی ناکا** ، بەلکو چاوەروانی هاوکاری و بەشداری چالاکی هەموو لایەکە • چونکە ئەرکی سەرشانی فیدراسیۆن لە چوارچیوەی کوردەکانی دانیشتووی سوێدە ، واتە چارە سەرکردنی گیروگرفتی پەناهەندەو ئاوارەی کورد، چ لە باری کۆمەلایەتی یەوە، چ لە بواری فەرهەنگ و کولتووری یەوە، چ بۆ بەرگری کردن لە مافی کورد لە بەرامبەر دەزگاکانی سوێدی دا ، چ ئاگاداری کردنی رای گشتی سوێد لە رووداوەکانی کوردستان و پشت- گیری کردنی هێزە سیاسیە خەباتگیرەکانی کوردستان، بۆ ریسوا کردنی سیاسەتی شۆڤینی و ژینوسیدی داگیرکەرانی کوردستان •

بۆ ئەوەی فیدراسیۆن فرەوانتر و چالاکتر ئەرکی خۆی جێ بەجی بکا لە ئاست کوردەکانی دانیشتووی سوێد لە هەموو باریکەوە و لەئاست بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا ، بۆ ئەوەی فیدراسیۆن لە سوێد ببێتە نوێنەری راستەقینەی ئاوارەو پەناهەندە کوردەکان پێویستە پشت گیری بکرێ، هەموو کوردە ئاوارەکان لە ژێر چەتری دا کۆببنەوە، لەسەر بناغەی دیموکراتی و کۆمەلایەتی فرەوان •

بێگومان ئەو کاتە فیدراسیون بۆی دەکرێ رۆلیکی گرنگ ببینی لە ژیانی کوردەکانی دانیشتووی سوێددا ، باشترو چالاکتر بەرگری بکا لە مافی پەناهەندەی‌کورد، باشتر دەتوانێ رێژیمە کۆنەپەرست و شۆڤینی ودیکتاتوریەکانی داگیرکەرانی کوردستان ریسوا بکات •

**بانگەوازی لە هەموو نیشتمانپەروەریکی کورد دەکەین، چ سەر بە ریکخراویکی سیاسی بێ،یاخود سەربەخۆ و بێ لایەن، با پیکەوە دەست لە نیو دەست** بە گیانی هەست بە بەرپرسیاری بەرامبەر بە میللەتە- کەمان لە کوردستان و کوردە ئاوارەکان لە سوێد، **خەبات بکەین بۆ ئەوەی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانیەکان لە سوێد ببیتە ئەو قەوارەیە کە هەمووومان کۆ بکاتەوە لەسەر بناغەی رێزگرتنی بیرو باوار و بۆچوونی جیاواز، ولە پێناو بەرژەوەندی گەلی کوردمان دا •**

**د. جەمشیدی حەیدەری**

بەربانگ ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانە لە سوید

بەرپرسیار: ک. ئیزێل سەرنووسەر: ر. زیلان
دەستەی نووسەران: م. بەکر، ج. کۆردێ، ر. سمێ، ج. حەیدەری
ناونیشان: Berbang
Box. 45205, 104 30 Stockholm
پۆستگیرۆ: 643880-8
تەلەفۆن: 08-68 60 60

ئابونەی ساڵانە ١٠٠ کرۆنی سوێدیە بۆ دەزگاکان ٢٠٠ کرۆنی سوێدیە

دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن.
ئەو نووسینانەی بۆ بەربانگ دێ، گەر بڵاو نەکرێتەوە بۆ خاوەنەکەی ناگەڕێتەوە.

UTGIVAR KORSBAND

BERBANG
BOX 45205, 104 30 Stockholm

# KURDISK FOLKDANSTÄVLING

MEDVERKANDE ARTISTER & DANSGRUPPER





KOMA JINAN



ŞENGAL



SÎPAN



SULAV

ŞIVAN

GULISTAN

ÖVRIGA DANSGRUPPER:

Fr. GÖTEBORG

Fr. SUNDSVALL

Fr. BOLLNÄS

ARARAT



DÎLAN



GOVEND

## SOLNAHALLEN

20 DECEMBER 1987 KL. 15.00

ARR: KURDISKA RIKSFÖRBUNDET + ABF - Stockholm

ENTRÉ: 35 Kr. Kan beställas från tel: 08-668 60 60

Barn: 7-15 år 10 kronor

Författares Bokmaskin
Stockholm 1987

www.arsivakurdi.org